10ی حوزەیران ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێ

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5762) یەک شەممە 2ی حوزەیران 2019 «8» لاپەڕە «500» دینار

لە بانگهێشتنامەیەکدا ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانتاران ئاگادار دەکاتەوە کە ڕۆژی 10/6/2019 پەرلەمان سەبارەت بە سوێندخواردنی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە. لە بانگهێشتنامەکەدا هاتووە: پشتبەستن بە حوکمی برگە (سێیەم)ی ماددە (18) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی – عێراق، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە 7ی ئاسایی، ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2019/6/10دا، سەبارەت بە سوێندخواردنی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان–عێراق.

ئامادەی بەوەشکراوە: لەبەر ئامادەبوونی میوانان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و نەبوونی شوێنی پێویست لە تەلاری پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بریاری دا ئەم دانیشتنە لە هۆڵی (سەعد عەبدوڵلا) لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بێت، تکایە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن.

ئەم ژمارەیە..

هەر چەندە ڕامانگەیاندبوو کە ئەمڕۆ پشووەو ڕۆژنامە دەرناچێت، بەڵام بەهۆی هەندێ هەواڵ و پێشهاتی تازە کە بە پێویستمان زانی ڕوومالیان بکەین، بۆیە ئەم ژمارەیەمان تایبەت بەو هەواڵانەو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکرد.

کەبات

ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کوردستان پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن و خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە

تا ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق باشە و نەخشەڕێگای دیاریکراویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەباشی بەڕێوەدەچێت

ئیدارەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی هاوشێوە، بە هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی هەردوولا نەبێت بەڕێوەناچێت



سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کوردستان، کە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن و خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە، بەتایبەتی دوای کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، کۆبوونەوە دانبەخۆداگرتن و پشوودرێژیی پارتی لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلوولی 2018، لە گوتار و هەنگاوەکان بە ئیجابی هەژمارد کە، بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی کەشی هێمنانە و خۆبەدوورگرتن لە موهاتەراتی میدیایی و هەرجۆرە پەرچەکردارێک بووە لە پێناو سەقامگیری و یەکڕیزی و پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو لایەکی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیدا و، سەردان و گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی کوردستانی و عێراقی شاهیدی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەدەن کە هەنگاوەکانمان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان بووە.

سەبارەت بە عێراقیش، لەگەڵ حکوومەتی عێراق، تا ئێستا پەیوەندیمان باشە و نەخشەڕێگای دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەباشی بەڕێوەدەچێت، سەرەڕای هەبوونی گیروگرفت کە هەندێجار بە ئەنقەست دروستدەکرێن چ لە بەغدا یاخود لە کوردستان، بەردەوامدەبین.

کۆبوونەوە لەسەر بارودۆخی هەستیار و تاڵۆزی ناوچەکە و کێشەی نێوان ئەمەریکا و ئێران هەڵوەستەی کرد و گفتوگۆی پێویستی لەبارەوە کرد، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر عێراق و کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەیە، هیوای خواست بە حیوار و بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت و ناوچەکە دووربێت لە شەڕ.

لە تەوەرێکی دیکەدا کۆبوونەوە هەڵوەستەی لەسەر دیاردەی سوتاندنی دەغڵودانی جوتیارانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کرد و ئەوپەڕی نیگەرانی خۆی نیشاندا و بە کارێکی ناڕەوا و تەعدای هەژماردکرد دەرهەق بە دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانە و داوای پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەشی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە و بابەتی تەعریب کرد و داواشی کرد حکوومەتی فیدرال قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە، هاوکات پێمان وایە ئیدارەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی هاوشێوە، بە هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی هەردوولا نەبێت بەڕێوەناچێت.

پارتیمان، لەدوای سەرکەوتنی گەورەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ڕابردوو و بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بڕیاری ڕێگەخۆشکردن و زەمینەی پتری تەبایی و یەکڕیزی و سیاسەتی گفتوگۆ و پەیوەندیکردنی لە ناوخۆ گرتەبەر، کە ئەمەش لەوپەڕی هەست بە بەرپرسیاریەتی و لەپێناو سەقامگیری سەرچاوەی گرتووە. لە ناوخۆش پێویستی بە تێگەیشتن و هاتنە پێشەوەی لایەنەکان هەیە کە هیوادارین خوێندنەوەیان بۆ ئەم پشوودرێژییەمان بە ئەرێنی وەربگیرێ دوور لەهەر لێکدانەوەی دیکە.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی
پارتی دیموکراتی کوردستان
1ی 6ی 2019

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 44ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

مەکتەبی سیاسیی پارتی بە بۆنەی 44ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پیرۆزبایی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی و ئەندام و لایەنگرانیان دەکات. **(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی: سەپاندنی ئەو دۆخە بەسەر جووتیاران و خەڵکی سڤیلی ناوچەکانی ماددەی 140 بە هیچ شێوەیەک جێگەی قەبووڵکردن نییە

2

سەرۆک بارزانی: سەپاندنی ئەو دۆخە بەسەر جووتیاران و خەڵکی سڤیلی ناوچەکانی ماددەی 140 بە هیچ شێوەیەک جێگەی قەبووڵکردن نییە

پەیامێک لە سەرۆک بارزانییەوە بۆ ڕای گشتی

سەپاندنی ئەو دۆخە بەسەر جووتیاران و خەڵکی سڤیلی ناوچەکانی ماددەی 140 بە هیچ شێوەیەک جێگەی قەبوڵکردن نییە

دەبێ حکوومەتی عێراق بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و کۆتایی بەو ستەم و یاساشکێنییە بهێنێت



بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

سووتاندنی دەغل و دانی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچەکانی ماددەی 140و هەروەها کوشتن و ئازاردان و بریندارکردنی خەڵکی کورد لەو ناوچانەدا کە ماوەیەکە بووەتە دیاردە و ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت، تاوانێکی گەورە و زوڵمێکی ئاشکرایە لە هاووڵاتیانی بێتاوانی کورد دەکرێت. ئەوەی لەو ناوچانە دەگوزەرێت پێشێلکردنی یاسا و دەستوور و بەهاکانی مرۆڤایەتیە و زەنگی مەترسیشە بۆ ژیانی خەڵک و داهاتووی ئەو ناوچانە. ئەم زوڵمەی کە ڕۆژانە دەکرێت، سزادان و هەڵتەکاندنی خەڵکە لەسەر نیشتمانەی نەتەوەیی.

سەپاندنی ئەو دۆخە بەسەر جووتیاران و خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە بە هیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵکردن نییە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو بارودۆخە نالەبارە بێنە دەنگ و حکوومەتی عێراقیش دەبێ بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و کۆتایی بەو ستەم و یاساشکێنییە بهێنێت کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێم لەدژی هاووڵاتیانی کورد ئەنجام دەدرێت.

مسعود بارزانی
30ی 5ی 2019

ڕۆژی پێنج شەمە 30ی 5ی 2019سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا باسی لەوە زوڵم و ناهەقییانە کرد کە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە کورد دەکرێت. سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوە داوە، سووتاندنی دەغل و دانی هاووڵاتییانی کورد لە ناوچەکانی ماددەی 140و کوشتن و ئازاردان و بریندارکردنی خەڵکی کورد لەو ناوچانە کە ماوەیەکە بووەتە دیاردە و ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت، تاوانێکی گەورە و زوڵمێکی ئاشکرایە لە هاووڵاتیانی بێتاوانی کورد دەکرێت. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕاشیگەیاندووە کە سەپاندنی ئەو دۆخە بەسەر جووتیاران و خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە بە هیچ شێوەیەک جێگەی قەبوڵکردن نییە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو بارودۆخە نالەبارە بێنە دەنگ و حکوومەتی عێراقیش دەبێ بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و کۆتایی بەو ستەم و یاساشکێنییە بهێنێت کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێم لەدژی هاووڵاتیانی کورد ئەنجام دەدرێت.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

سەرۆک بارزانی بە توندی ئیدانەی کردەوە تیرۆریستییەکانی شاری کەرکووک دەکات

پێویستە هەماهەنگیی تەواو لەنێوان هێزی پێشمەرگە و دامودەزگاکانی هەرێم و حکوومەتی عێراق هەبێت

ڕۆژی هەینی 31ی 5ی 2019سەرۆک بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکدا زۆر بە توندی ئیدانەی کردەوە تیرۆریستییەکانی شەوی پێنج شەمەی شاری کەرکووکی کرد. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بە داخێکی زۆرەوە لە شەوی پێنج شەمە 30ی 5ی 2019لە ئەنجامی زنجیرە تەقینەوەیەکی تیرۆریستی لە شاری کەرکووک ژمارەیەک هاووڵاتی شەهید و ژمارەیەکی تر بریندار بوون. وێڕای ئەوەی زۆر بە تووندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستیانە دەکەین، سەرەخۆشییش لە کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییانە دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین. داواش لە حکوومەتی عێراقی دەکەین بە زووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە ئاشکرا بکرێن و بە سزای خۆیان بگەیێندرێن.

ئامانجی تیرۆر تێکدانی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کەرکووکە و مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و ئاسوودەیی خەڵک. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریش بە تایبەت لە شاری کەرکووک پێویستە کاری هاوبەش و هەماهەنگیی تەواو لەنێوان هێزی پێشمەرگە و دامودەزگاکانی هەرێم و حکوومەتی عێراق هەبێت. ئەوەیش لەپێناو بنبڕکردنی هەڕەشەی تیرۆر و پاراستنی پێکهاتەکان و گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.

مسعود بارزانی
31ی 5ی 2019

ڕۆژ نووری شاوەیس:

لەپێناو یەکڕیزیی کورد زۆرمان نەرمی نواندووە



ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، پارتی لەپێناو یەکڕیزیی کورد زۆری نەرمی نواندووە و دەرگای پارتییش بە ڕووی یەکێتیدا کراوەیە.

د. ڕۆژ نووری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنێ شەمە 2019-6-1لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو یەکڕیزیی کورد نەرمییەکی زۆری نواندووە و ئێستاش دەرگای پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوەیە. د. ڕۆژ نووری شاوەیس گوتی: ئێمە دەرگای پەیوەندییەکانمان دانەخستووە، بەڵام ئەوەی کە ڕاستە پێی دەڵێین ڕاست و ئەوەی هەڵەشە پێی دەڵێین هەڵە. یەکێتی هەڵوێستی وەرگرتووە و پێویستە ئەوان پێداچوونەوە بەو هەڵوێستەیاندا بکەن. شاوەیس گوتیشی: هەموو جۆرە دەستپێشخەرییەکمان تاقی کردووەتەوە و زۆریشمان نەرمی نواندووە، چونکە چەندین مانگە هەڵبژاردن کراوە و پارتییش لەو ماوەیەدا پشوودرێژ بووە و ئەوەش لەپێناو یەکڕیزیی کورد بووە. د. ڕۆژ نووری شاوەیس ڕایشیگەیاند: ئێستاش لەپێناو یەکڕیزیدا پارتی دان بە خۆیدا دەگرێت و پشوودرێژ دەبێت و پێویستە هەموومان بە یەکەوە خزمەتی گەلی کوردستان بکەین.

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 44ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 44ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پیرۆزبایی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانیان دەکات، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

بە بۆنەی 44ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، هیوادارین لە خەبات و خزمەت بەردەوام بن لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی لە هەلومەرجێکی هەستیار و پرگۆڕانکاری دایە، بۆیە ئەرکی سەرجەم هێز و لایەنە نیشتمانپەروەرەکانە شانبەدەینە بەر بەرپرسیاریەتی قۆناغەکە و ئایندە و چارەنووسی گەل و نەتەوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان لەسەرووی هەموو شتێکەوە ببینین.

ئومێدەوارین ئەو یادە هاندەری یەکدەستی و تەبایی ناوخۆی حزبە تێکۆشەرەکەتان و هەوێنی زیاتری یەک گوتاریی سیاسی و هاوپەیمانیی ڕاستەقینە و کاری هاوبەشی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانیش بێت بۆ پتەوکردنی پایەکانی ئەزموونەکەمان و پاراستن و بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر سەرکەوتوو بن..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

تا کۆتایی ئەم مانگە کورد هەموو پۆستەکانی لە بەغدا وەردەگرێتەوە



پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، کۆمەڵێک پۆست لە حکوومەتی نوێی عێراقدا ئیستحقاقی کوردن، بۆیە داوا کراوە تا کۆتایی ئەم مانگە کاندیدیان بۆ دیاری بکرێت و هەموو ئەو پۆستانەی پشکی کوردن، وەردەگیرێنەوە. د. مەیادە نەجار، پەرلەمانتاری پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: داواکراوە تا کۆتایی ئەم مانگە ئەو پۆستانەی بە وەکالەت بەرێوەدەچن، هەموویان کاندیدیان بۆ دیاری بکرێت و پەرکێنەوە، بۆ ئەوەی چیتر هیچ پۆستێک بە وەکالەت بەڕێوە نەچێت. نەجار گوتیشی: داوا لە کورد کراوە هەر حزبێک بەپێی ئیستحقاقی خۆی چەند پۆستی لە حکوومەت بەردەکەوێت، کاندیدیان بۆ دیاری بکات و پێیان بکاتەوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە چەندین پۆستی وەکو سوپاسالار و پۆستی دیکەی لە دەست داون، هەموویان پڕ دەکاتەوە. دەشڵێ، هەر حزبە و چەند کورسیی هەبێت، بەپێی کورسییەکان پۆست و پشکی خۆی وەردەگرێت.

مەهدی موبارەک: 10هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووک سووتێندراوە

بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی کەرکووک ڕایگەیاند، کۆمەڵێک بەرپرسی کەرکووک و خورماتوو، سەردانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیان کردووە و داواکاریی کوردیان گەیاندووەتە ئەوان، لای خۆشیەوە بەڵێنی دا کە لە پەرلەمان و لەگەڵ حکوومەتیشدا هەوڵ دەدەن سەرجەم بڕیارەکانی بەعس و ئەو بڕیارانەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر دراون، هەڵوەشێننەوە. مەهدی موبارەک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی گوت: بە مەبەستی گەیاندنی داواکاریی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان، شاندێکی بەرپرسانی کەرکووک و خورماتوو سەردانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانمان کرد و داواکاریی کوردمان ئاڕاستە کرد، چونکە کەرکووک لە دۆخێکی زۆر خراپدایە. موبارەک گوتیشی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی دا کە لە پەرلەمانی عێراق هەوڵ دەدەن سەرجەم بڕیارەکانی دوای 16ی ئۆکتەبر و بەعس هەڵوەشێننەوە و لەگەڵ حکوومەتیش هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن و سەردانی سەرۆکوەزیران دەکەن. بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی کەرکووک باسی لەوەش کرد، سووتاندنی گەنمی جووتیاران بەردەوامە و تاوەکو ئێستا 10 هەزار دۆنم زەویی کورد لە سنووری کەرکووک سووتێندراوە.

لێژنەی ئاسایش و بەرگری:


چەکدارانی داعش لە کەرکووک دەستیان بە جموجۆڵ کردۆتەوە



لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارەیەک ئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگری سەردانی شاری کەرکووکیان کرد، بۆ بەدواداچوونی دۆخی ئەمنی شارەکە و تەقینەوەکانی شەوی پێنجشەمەی ڕابردوو. لێژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: بەهۆی دروستبوونی بۆشایی ئەمنییەوە، چەکدارانی داعش لە کەرکووک دەستیان بە جموجۆڵ کردوەتەوە دەشڵێن، ڕۆژێک پێش تەقینەوەکان زانیاری هەبوو کە داعش دەیەوێت کەرکووک بکاتە ئامانج. دوێنێ شەمە 1ی حوزەیرانی 2019 لەسەر ڕاسپاردەی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارەیەک ئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگری سەردانی شارەکەیان کرد، بۆ بەدواداچوونی دۆخی ئەمنی شارەکە و تەقینەوەکانی شەوی پێنجشەمەی ڕابردوو، لە ئەنجامی زنجیرەیەک تەقینەوەی تیرۆریستی لە شاری کەرکووک ژمارەیەک هاووڵاتی شەهید و ژمارەیەکی تر بریندار بوون.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا کە لە بارەگای ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکان ئەنجامیاندا، محەمەد ڕەزا ئەندامی لێژنەی ئاسایش بەرگری، ڕایگەیاند، لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووک کۆبوونەتەوە، بۆ بەدواداچوونی دۆخی ئەمنی شارەکە و ئەو تەقینەوانەی لە شاری کەرکووک ڕوویاندا. سەبارەت بە سوتانی بەرهەمی گەنم و جۆی جوتیاران، محەمەد ڕەزا ڕایگەیاند: نالێین ئەو کارە بە دەستی ئەنقەست لەلایەن لایەنێکەوە کراوە دژ بە لایەنێکی تر، چونکە ئەو کێشەیە لە تەواوی عێراق ڕووداوە، بۆیە هێزە ئەمنیەکانی ناوچەکە هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەکەن.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/6/2 ژمارە (5762)
وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com



بۆچی پێویستە دەقی ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بڵاو بکەینەوە؟

دوابەدوای ئەو هەڵوێستەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە ڕێکەوتی 28ی 5ی 2019خواندی سەبارەت بە بایکۆتکردنی کۆبوونەوەی پەرلەمان و دەنگنەدانیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و هێنانەوەی هەندێ بیانووی دوور لە ڕاستی سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان و بەتایبەتیش پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی پارێزگای کەرکووک بە دانانی پارێزگاریشەوە، کە بە ڕێککەوتنێکی واژۆکراو دیاریکراوە کە هەردوو بەڕێزان سەرۆک مەسعود بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ هەردووکیان پێکەوە ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆ بەمەبەستی چارەسەری.

بەڵام مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نە ئیلتزامیان بەو ڕێککەوتنە کرد کە لەلایەن بەڕێزان هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لە ڕێکەوتی 4ی3ی 2019 لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی ئیمزاکرا و، نە بە کاتەکەیەوە کە هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێم نەک هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، نە لە دەسەڵات پێدانی هەردوو بەڕێزان بۆ چارەسەری کێشەی پارێزگای کەرکووک بە پارێزگاریشەوە و نە ئیلتیزامیشیان بە ڕێککەوتنی هەردوو بەڕێزان لەسەر کاک فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی پێشووی یەکێتی نیشتمانی و ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کرد. بۆیە بڕیارماندا دەقی ڕێککەوتننامە سیاسییەکەی نێوانمان وپاشکۆی ئەو ڕێککەوتنەش بۆ خەڵکی کوردستان وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە و بیانکەین بە حەکەم بۆ بڕیاردان کە کام لایەن لە ڕێککەوتنەکە لایداوە..

مەحمود محەمەد
گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕێککەوتنی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە ڕوانگەی هەست بە بەرپرسیاریێتی و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان کە بە خوێن و خەباتی چەندین ساڵە هاتوونەتەدی، هەروەها ئەزموونی درێژی خەبات و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم بۆ زیاتر بەرەو پێدانی دەستکەوتەکان و لەبەرچاوگرتنی خوێنی شەهیدان و دابینکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان و یەکڕیزیی گەلی کوردستان و زامنکردنی مافە دەستوورییەکان و گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان هەردووکیان بڕیاردەدەین کە بەم ڕێککەوتنە سیاسییە:

1 ـ هەردوولا پابەند دەبن بە یەکێتیی خاکی نیشتمان و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، قەوارە سیاسی و شیازییەکەی دەپارێزن و لەرووی دامەزراوەیی و حوکمڕانییەوە بەهێزی دەکەن.

2 ـ هەردوولا پابەند دەبن بە یەکێتیی خاکی نیشتمان و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، قەوارە سیاسیی و ئیداریییەکەی دەپارێزن و لە ڕووی دامەزراوەیی و حوکمڕانییەوە بەهێزی دەکەن.

2 ـ هەردوولا لە بەڕێوەبردن و بەهێزکردنی دامەزراوە دەستووری و یاسایی و کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانداشەراکەتی ڕاستەقینە و کارا لەنێوانیان بونیات دەنێن، بەشێوەیەک کە دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی دابن و پیادەکردنیان لە ئیرادەی گەل و دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانەوە سەرچاوە بگرێت.

3 ـ لە پێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگریی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێکەوە هەردوولا لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە هەموو هەوڵەکانی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی فیزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بە شێوەیەک بیێتە مایەی بەگکرتنەوەی تەواوەتیان و باشتر ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی دامەزراوە نیشتمانییە پەیوەندیدارەکان.

4 ـ هەردوولا بە تەواوی توانایانەوە پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چەسپاندنی زیاتری شەفافیەت و کارا لەنێوانیان بونیات دەنێن، بەشێوەیەک کە دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی دابن و پیادەکردنیان لە ئیرادەی گەل و دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانەوە سەرچاوە بگرێت.

3 ـ هەردوولا پابەند دەبن بە یەکێتیی خاکی نیشتمان و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، قەوارە سیاسی و شیازییەکەی دەپارێزن و لەرووی دامەزراوەیی و حوکمڕانییەوە بەهێزی دەکەن.

4 ـ هەردوولا بە تەواوی توانایانەوە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چەسپاندنی زیاتری شەفافیەت و کارا لەنێوانیان بونیات دەنێن، بەشێوەیەک کە دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی دابن و پیادەکردنیان لە ئیرادەی گەل و دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانەوە سەرچاوە بگرێت.

2 ـ هەردوولا لە بەڕێوەبردن و بەهێزکردنی دامەزراوە دەستووری و یاسایی و کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانداشەراکەتی ڕاستەقینە و کارا لەنێوانیان بونیات دەنێن، بەشێوەیەک کە دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی دابن و پیادەکردنیان لە ئیرادەی گەل و دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانەوە سەرچاوە بگرێت.

3 ـ لەپێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێکەوە هەردوولا لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە هەموو هەوڵەکانی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی فیزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بە شێوەیەک بیێتە مایەی بەگکرتنەوەی تەواوەتیان و باشتر ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی دامەزراوە نیشتمانییە پەیوەندیدارەکان.

4 ـ هەردوولا بە تەواوی توانایانەوە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چەسپاندنی زیاتری شەفافیەت و دژایەتی گەندەڵی و بەهێزکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستاندا، هەر هەنگاوێکیش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بە دانانی یاسا بێ، هەردوولا وەکو یەک تیم لە پەرلەمانی کوردستاندا کاری بۆ دەکەن.

5 ـ هەردوولا پاڵپشت دەبن بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی هاوسەنگ و تیژ و تەواوی ئەنجامدانی چالاکی ئیداری هەبێ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.

6 ـ ا ـ هەردوولا هەوڵدەدەن لە ماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو بکرێت و خواستە جیاوازەکان لەسەر سیستەمی سیاسیی لە ڕێگای دەستوورەوە بە سازان چارەسەر بکرێت. هاوکات هەردوولا پاڵپشتی ئەوە دەن بە ڕەچاوکردنی بەرنامەی چاکسازی مەرکەزی، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکوومەتدا (لامەرکەزییەتی ئیداری) لەسەر بنەمای شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ یەکە کارگێڕییەکان کاری پێ بکرێت.

6 ـ ب ـ تا ئیقراری دەستووری هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاساکانی کە ڕەهەندی نیشتمانیان هەیە بە سازان ئامادە بکرێت، لەوانەش یاسای هەڵبژاردن.

7 ـ هەردوولا لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە هەوڵ و هەنگاوی هاوبەشیان دەبێ بۆ هەمەچەشنەکردنی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان، لە پاڵ نەوت و گاز، پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار بە ئەولەویەت وەردەگیردرێ. هاوکات ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی و کەرتی وەزیفەی گشتی و دروستکردنی ئەنجوومەنی ڕاژە و دروستکردنی سندوقی خانەنشینی، ئامانجی هاوبەشی هەردوولا دەبێت.

8 ـ پارتی و یەکێتی کۆکن کە دامەزراوە یاساییە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە شەفافی سامانی ژێرزەوی و نەوت و گاز بخەنە خزمەتی خەڵکی کوردستان و تەواوی ئەو یاسایانە لە پەرلەمانی کوردستان دەربچن کە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا هاتوون، هەروەها پەلە بکرێت لە دروستکردنی سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز بەپێی ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

9 ـ هەردوولا لەسەر ئاستی حکوومەتی فیدراڵی هاوهەڵوێست دەبن لە پەیوەندی دوبەین کە لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا هاتوون، هەروەها پەلە بکرێت لە دروستکردنی سندوقی داهاتی نەوت و گاز بەپێی ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

10 ـ هەردوولا پابەند دەبن بەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر هەرئاستی عێراق و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و نوێنەرەکانمان لە دامەزراوە فیدراڵییەکان بەرجەستە دەکرێت، هەروەها دامەزراندنی هاوبەشی فرکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەکرێت.

11 ـ هەردوولا پابەند دەبن بە ڕێزگرتنی مافی و ئازادی پێکهاتە ئەتنیکی و ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا.

12 ـ هەردوولا هاوهەڵوێستن کە تیرۆر هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەم بنەمایەش هەردوولا بەردەوام دەبن لە سیاسەتی هاوپەیمانێتی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و تووندڕەوی.

13- هەردوولا هاوهەڵوێستن لەسەر ئەوەی کابینەی نوێمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەبێت و هەرێمی کوردستان بە ڕەخسانی هەلی کارو باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە هاوواڵتیان و باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنان و ژینگەپارێزی.

14- سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەماهەنگ و یەک هەڵوێست دەبن لەپەرلەمان و ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ کاری پەرلەمانی لەنێوان هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی، هەردوولاش کۆکن کە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بۆ لایەنی سێیەم پێکهاتەکان بێت و بەڕاوێژ و هەماهەنگی دەستنیشان بکرێت و دابنرێت.

15- هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی لەرووی دارایی و داهات و خەرجیە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە ڕێکخستنەوە هەیە، بۆیە لەڕێگای پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دووبارە ڕێکخستنەوەی یاسایی و مۆئەسەساتیانە بۆ ئەم بوارە بکرێت، بەشێوەیەک بیێتە مایەی چەسپاندنی زیاتری شەفافیەت و دابەشکردنی دادپەروەری و هاوسەنگی لەئیدارەدانی داهات و خەرجییەکان و سامانی گشتی وڵات.

16- پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا بەرکارەکان لەڕێگای دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن:

ا- لە هەڵمەتگی پەیوەندییەکان و نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە و شاندو مەراسیم و بۆنە پڕۆتۆکۆلییەکان هاوسەنگی و بەشداری هەردوولا لە حکومەتی پارێزراو دەبێت.

ب- لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی ڕێکخستنەوەی یاسایی بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت بەشێوەیەک وەزیری هەرێم بۆ ئەم بابەتە دیاری بکرێت.

17- هەردوولا وەک یەک تیم کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە سەپێنراوەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی باڵای هاوبەش لەنێوان هەردوولا پێکدێت بۆ پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەو جێبەجێکردنی مادەی 140 و چەسپاندنی ئیستحقاقی کورد لەم ناوچانە ئامانجی هاوبەشی هەردوولا دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:


ا- دیاریکردنی دۆسیەی تایبەت بەمادەی 140 ی دەستووری عێراق بەسەرجەم ڕێکارە یاسایی و ئیداریەکانەوە لەسەر هەردوو ئاستی کەرکووک و عێراق.

ب- دیاریکردنی دۆسیەی تایبەت بەئاساییکردنەوەی دۆخی ژیان و گوزەرانی ناو کەرکووک.

ت- حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کاردەکات بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگای کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (جێناکۆکەکان)، لەڕووی سیاسی، ئیداری، سەربازی و ئەمنی.

ج- پڕۆسەی دانانی پارێزگاری کەرکوک لەبەشکۆی ئەم ڕێکەوتننامەیە دیاریکراوە.

18- پابەندبوونی هەردوولا بەم ڕێککەوتنە بەهەموو خاڵەکانیەوە پاڵپشتی حکومڕانی سەرتاسەری کوردستان ئەرکی هاوبەشی هەردوولایە پێکەوەبوون بەردەوامبوونی شەراکەتی ڕاستەقینە دەپارێزێ و بۆ جێبەجێکردن وبەدواداچوونی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە لیژنەیەکی باڵای هاوبەش پێکدێت و مانگانە یان لەکاتی پێویست کۆدەبنەوە.



پاشکۆی ڕێککەوتنامەی سیاسیی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەپارێزگارو پارێزگای کەرکووک

هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم هەنگاوەکانی پێویست بۆ چارەسەری کێشەکانی پارێزگای کەرکووک بەدانانی پارێزگاریشەوە بەپێی ڕێکەوتنی نێوان بەڕێزان کاک مسعود بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لە 2019/3/3 دەست پێ دەکات.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
2019/3/4

پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/3/4

پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/3/4

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
2019/3/4



نێچیرڤان بارزانی تەقینەوەکانی کەرکووک سەرکۆنە دەکات

دڵمان لای کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا تەقینەوەکانی شەوی پێنج شەمە 30ی 5ی 2019ی کەرکووکی سەرکۆنە کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پرسە و سەرەخۆشیی قوڵمان لە خانەواده و کەسوکاری شەهیدانی تەقینەوە تیرۆرستییەکانی ئەمشەوی کەرکووک دەکەین و لەم کاتە سەخت و بەئازاردا هاوسۆز و هاوخەمیانین. هیوای سەلامەتی و زووچاکبوونەوە بۆ بریندارانی و بەرکەوتووان دەخوازین و هەموو دامەزراوە پزیشکییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە و ئامادەی پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکن.

لە کاتێکدا بە تونديی سەرکۆنەی ئەم تاوانکارییە ترسنۆکانە دەکەین، داواکارین لایەنە پەیوەندارەکان تیرۆرستان بدۆزنەوە و بە سزای یاساییان بگەیەنن. بەردەوامی و فراوانبوونی کارە تیرۆرستییەکان لە ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری، ئاماژەی ترسناکی کارابوونەی تیرۆر و هەوڵی ئاڵۆزکردنی دۆخی ئەو ناوچانەن ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەوڵە تیرۆرستییانە پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی فیدرالی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و هەردوولا دەبێ بە جددی کاری لەسەر بکەن.

دڵمان لای کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانە و خوای مەزن سەبووری و دڵنەواییان بداتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان
2019/5/30



سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئیدانەی تەقینەوەکانی کەرکووک دەکات

لە ڕاگەیەندراوێکدا، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، ئیدانەی تەقینەوەکانی شەوی پێنج شەمە 30ی 5ی 2019ی کەرکووک دەکات و جەخت لە پەشداربێپێکردنی تەواوی پێکهاتەکان لە ئیدارەدانی دۆسیەی ئەمنیی شارەکە و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دەکاتەوە، ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لەسەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

دڵگران و غەمبارین بەبیستنی هەواڵی هێرشە تیرۆریستییەکانی دوێنێ شەوی شاری کەرکووک و بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە قیزەونە دژ بەهاووڵاتیی سیڤیلی شاری کەرکووکی خۆشەویست دەکەین و لەخودای گەورە داواکارین شەهیدان بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازین.

وەک لای هەموولایەک ڕوون و ئاشکرایە لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ڕەوشی ئاسایشی شاری کەرکووک و دەوروبەری زۆر خراپتربووە و ئیدارەی شارەکەو هیزە ئەمنییەکان نەیانتوانیوە ئاسایش و سەقامگیریی شارەکە بپارێزن و ڕێگە لەسەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش بگرن، ئەم تەقینەوانەو سووتاندنی دەغل و دانی جووتیارانی کورد و پڕۆسەی بە عەرەبکردنەوە و پێشێلکردنی ماددەی 140و کارنەکردن بۆچێتەجێکردن و ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک ناسەقامگیریی زیاتری لێدەکەوێتەوە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نیگەرانیی خۆمان ڕادەگەیەنین و پێویستە حکوومەتی عێراق لە ئاست بەرپرسیاریەتیی یاسایی و دەستووریی خۆیدابێت و سەروماڵی هاووڵاتییان بپارێزێت و ڕێگە بە پێشێلکاری نەدات، هاوکات جەخت لە بەشداربێپێکردنی تەواوی پێکهاتەکان لە ئیدارەدانی دۆسیەی ئەمنی لە شارەکە و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق زیاتر دەکەینەوە بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییان و دوورخستنەوەی خەتەری هاوشێوە لەسەر کەرکووک.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
31ی ئایاری 2019

گوتەبێژی پارتی: بەردەوام دەبین لەسەر پێکهێنانی کابینەی حکوومەت لەکاتی یاسایی خۆیدا

ئەگەر یەکێتی بەو ڕێککەوتنە ڕازی نەبوو، دەبووا زووتر قسەی کردبا

بەردەوام دەبین لەسەر پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

دەنگنەدانی یەکێتی بە بەربژێری پارتی کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنەکەی نێوانمان دەبێت



گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، یەکێتی لە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ پارتی پاشەکشەی کرد و پاشەکشەکەیان لەناکاوبوو و لە ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، ئێستاش ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو کاتەی کە یاسا دیاریکردووە بۆ پێکهێنانی کابینەکە.

مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: "دەنگنەدانی یەکێتی بە بەربژێری پارتی، کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنەکەی نێوانمان دەبێت، ئێمە ڕێککەوتووین لەسەر کۆی ئەو خاڵانە، ئەو خاڵانەی کە تۆ لە شوێنێک بە مەیلی خۆت هەندێکت هەڵبژارد و لەگەڵی بووی و هەندێکت هەڵبژارد لەگەڵی نەبووی ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستانیش ناتوانێت ئەمە وەکو خۆی قبوڵبکات. نەدەبوو یەکێتی ئەو بابەتەی بەمشێوەیە ئەنجامبدایە".

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئەمڕۆ بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا، لەو کۆبوونەوەیە کۆمەڵێک بابەت گفتوگۆیان لەسەر کرا. هەندێک لەو بابەتانەی کە پێویستبوون بڕیاریان لەسەر بدرێت، بڕیاری پێویستیان لەسەر دراوە. بە ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە و ئەو ئاڵۆزی و گۆڕانکارییە خێرایانەی کە ئێستا لە ناوچەکە ڕووەدەدن، دەبێت ئێمە بە هاوتەریبی هەنگاوەکانمان و گوتارەکانمان ڕێکبخەین بۆ ئەوەی نەهێڵین ئەو ئاڵۆزیانەی کە دروستدەبن، ئەو گۆڕانکاریانە بە زیانی خەڵکی کوردستان لەڕووی ئەمنی و سەربازی و ئابوورییەوە نەکەوێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش گفتوگۆی تێر و تەسەل لەسەر ئەو بابەتە کرا".

یەکێتی لە ڕێککەوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پاشەکشەی کرد

گوتەبێژی پارتی گوتی: لە دوای ئەوەی لە 30-9-2018 خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە نوێنەرەکانی خۆی دیاریکرد، بە سوپاسەوە متمانەیەکی زۆر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی درا و زۆرینەیەکی باشی لە کورسییەکانی پەرلەمانی لە ڕێگەی پارتییەوە بۆ نوێنەرەکانی دیاریکرد، لە سۆنگەی ئەوەوە لە 30ی ئەیلوولەوە سیاسەت و نەخشەڕێگایەکی دیاریکراومان هەبوو، هەم دان بەخۆداگربین، هەم پشوودرێژ بین. دان بەخۆداگربین و نەچینە ناو موهاتەراتی میدیاییەوە، هەمیش پشوودرێژ بین لە کۆبوونەوەو بەردەوامی بدەین بە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان.

مەحمود محەمەد باسی لە ڕێککەوتنەکان لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی کرد و گوتی: "لەسەر کۆمەڵێک بابەت هەم لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەم لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ڕێککەوتین و ڕێککەوتنەکەمان واژۆ کرد، هەر یەک بە شێوازی جیاجیا لەسەر هەندێک خاڵی هاوبەش ڕێککەوتین و ڕێککەوتنەکەمان واژۆ کرد. دیارە بەپێی پڕۆسەکەی دیاریکراوە، دەبوو لە 18ی مانگ کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام بدرێت و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، بەداخەوە ئەوکاتیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو ڕێککەوتنەی چەند ڕۆژ پێشتر ئەنجامی دابوو، ئەنجامی نەدا و پاشەکشەی کرد و بەشدار نەبوو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان. دوای ئەوەش کە ڕێککەوتنمان لەگەڵیان ئەنجامدا لە 4-3-2019، بەپێی ئەو پڕۆسەیەی کە لە پێشبوو، لە 4-3-2019 دوو ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان واژۆکرد. یەکێکیان سەبارەت بەوەبوو چۆن لەمەودوا بە شێوازێکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکەین و چۆن پشتگیریی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعی و یاساییەکانی بکەین، هەروەها چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دەوروبەر، لەسەر هەموو ئەمانە ڕێککەوتین. هاوکات لەسەر مەسەلەی کەرکووک لە پاشکۆی ئەو ڕێککەوتنە ڕێککەوتنێکی دیکەمان واژۆکرد، کە لەچەند ڕۆژی داهاتوو هەردوو ڕێککەوتنەکە هەم ڕێککەوتنی سیاسی هەم ئەو پاشکۆیەی کە سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووکە بڵاویدەکەینەوە".

یەکێتی ئەگەر بەو ڕێککەوتنە ڕازی نەبوو، دەبوو زووتر قسەی کردبا

لەبارەی ئەوەی پارتی ئامادەیە جارێکی دیکە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی بکاتەوە؟ یان هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەت بەردەوام دەبێت؟ مەحمود محەمەد وتی: ئەو وادەیەی دانراوە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم و ناولێنانی سەرۆکی ئایینەدەی ئەنجوومەنی وەزیران لە پەرلەمان و دواتر ڕاسپاردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دانراوە، بڕیاری لەسەردراوە و وەکو خۆی بەڕێوەدەچێت.

یەکێتی ئەگەر بەو ڕێککەوتنە ڕازی نەبوو، دەبوو زووتر قسەی کردبا، لەلایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستان چیدیکە بەرگەی ئەوە ناگرێت لەو بارودۆخە هەستیاردا هەر چاوەڕێی ئەوە بکات کەی کابینە پێکدێت و دامودەزگاکان بەشێوەیەکی یاسایی دەکەونە سەر کاری خۆیان.

مەحمود محەمەد ڕایگەیاند: لەو ڕێککەوتنەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەمانە، کە پاشکۆی ڕێککەوتنە سیاسییەکەمانە دەقەکەی دەڵێت؛ هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێ مەسەلەی کەرکووک دەبێت چارەسەری دەستپێبکات بە پارێزگاریشەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەسەڵات دراوەتە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ ئەوەی ئەوکارە بەڕێوە ببەن، لەو یەک دوو ڕۆژەش دەقەکەی بڵاودەکەینەوە.

گوتیشی، ئەم بابەتە تەنیا پەیوەست نییە بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جارێکی دیکەش ڕامانگەیاندووە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو کەرکووکیش هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت دیراسەی هەموو لایەنەکان بکەین.

لەلایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆک لەگەڵ کۆسرەت ڕێککەوتنبوون لەسەر کاندیدێک بۆ پارێزگاری کەرکووک، بەڵام ئەوان کە خۆیان لەسەر ئەو بابەتە ڕێکناکەون ئەمە نە کێشەی ئێمەیە نە دەبێت گوناحەکەشی بۆ ئێمە بێت.

بۆ حکوومەتی عێراق و هەموو لایەنەکان ئاشکرابوە کە ئیدارەی شارێکی وەکو کەرکووک بەبێ ئەوەی دەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەگەڵدابێت، بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان، ئاسان نییە بتوانن ئیدارەی ئەمنی، سەربازی و ئابووریی ئەو پارێزگایە بکرێت، پێشتر دەمانگوت عێراق بە شێوازێکی گشتی ناتوانێت بەبێ پێکهاتەکان بە جیاوازی نەتەوەیی و ئایین و مەزهەبەوە بەڕێوەبچێت، ئێستا تورکمان ناڕازیبە، بەشێکی زۆری عەرەب ناڕازین، کوردیش هەموو ناڕازیبە لەو ئیدارەیەی کە ئێستا دەکرێت. بەداخەوە تەقینەوە زۆر بووە، سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکان دەکەین هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، هاوکات سووتاندنی سەروەت و سامان و دەغڵ و دانی هاووڵاتیان لە دەوروبەری کەرکووک دەریخست کە ئیدارەکردن وا ئاسان نییە، بەبێ بوونی هێزی پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق بتوانرێت ئاسایشی نێوخۆیی بۆ کۆمەڵگا دابین بکرێت، پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیە بە حەشد و سوپای عێراقی ناکرێت. ئومێد دەکەین ئەو کێشە زووتر چارەسەر ببێت و هەنگاویشمان بۆی ناوە. بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمی کردووەتە قەمیسی عوسمانەکە لەوەی ئەوان خۆیان لەگەڵ شتەکانی نێوخۆی خۆیان ڕێک ناکەون، ئینجا بەهانەکە بە خەڵکی دیکە دەهێننەوە.

سەرچاوە/ ڕووداو

پێویستە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا پارێزگار دابنرێت

ڕێبوار تاڵەبانی: خەڵکی کەرکووک چیتر تەحەمولی دۆخی ئێستای شارەکە ناکات



سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گوتی، خەڵکی کەرکووک چیتر تەحەمولی دۆخی ئێستای شارەکە ناکات، بۆیە ئەگەر حکوومەت چارەسەری نەکات، خۆیان دۆخەکە چارەسەر دەکەن.

ڕێبوار تاڵەبانی گوتیشی: بینیمان سەردەمی خۆی ڕژێمی بەعس چۆن خەڵکی ئەشکەنجە دەدا و دواتر چارەنووسی چی بوو، خەڵکی کەرکووکیش چیتر تەحەمولی دۆخی ئێستا ناکات و چاوەڕێ نابێت تا حکوومەت کێشەکان چارەسەر بکات، بۆیە ئەگەر وا بروات، خۆیان کێشەکان چارەسەر دەکەن.

ناوبراو باسی لەوەش کرد، بە هۆی ئەوەی کەرکووک وەکو سەربازگەیە و عەسکەرتارییەت پەیڕەو دەکرێت، لە ئێستادا پارێزگاریش دابنرێت هیچ سوودێکی نابێت، بۆیە پێویستە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا پارێزگار دابنرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕوونیشی کردەوە، کاتی خۆی داعش کۆتایی نەهاتبوو و حکوومەتی عێراق بەئەنقەست باسی لەوە کرد کە داعش کۆتایی پێ هاتووە و سەرکەوتنیان ڕاگەیاند، بەڵام درۆ بوو و ئەمڕۆ جارێکی دیکە سەربانهەڵداوەتەوە. دەشڵێ، حکوومەتی عێراق پێی خۆشە دۆخەکە وا بێت، بۆ ئەوەی کورد کەم ببێتەوە، بۆیە پێویستە کورد یەکڕیز بێت و نوێنەرانی کورد لە بەغدا کۆ ببنەوە و بەپێی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکەن و سنووریکیش بۆ ئەو کێشانە دابنێن، چونکە کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق هیچ سوودێکی نابێت.



عەلی قەرەداخی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لەپەیامێکدا پرۆفیسۆر عەلی قەرەداخی ئەمینداری یەکێتیی جیهانی زانایانی ئیسلامی بەبۆنەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، خۆشحاڵم بە ئاراستەکردنی جوانترین پیرۆزبایی بۆ ئێوەی بەڕێز و گەلی خۆشەویستی کوردستان، بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. دەشڵێت: داوا لە خوای گەورە دەکەم هەنگاوەکانتان بەهێزتر و تۆکمەتر بکات و سەرکەوتن و گفتوگۆ ببێتە هاوڕێتان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانتان. قەرەداخی هەروەها راشیدەگەیەنێت، متمانەیەکی زۆرم پێتانە کە باشترین نوێنەری کوردبن لەسەر هەموو ئاستەکان و وەک پێشتر بینیومانە هاوکاری برایانە و نیشتمانییانە بەرجستەبکەن و، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەهێزتر بکەن و، خزمەت بە گەل و میللەتەکەتان بکەیت.

ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەڕێز: جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی

بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە هەواڵی هەڵبژاردنی بەڕێزتانمان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم پێگەیشت، ئەم هەواڵە بۆ ئێمە و بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر و جێگەی هیواو ئومێدێکی گەورەیە، کە بتوانن بە ڕۆح و کۆششێکی کوردانەوە نوێنەرایەتیی هەموو گەلی کوردستان بکەن و کوردستان بەرەو ئاسۆیەکی گەش و دواڕۆژێکی شایستەتر بە خەڵکەکەی، ببەن. ئێمە دڵنیایین لەوەی کە ئێوە هەموو کۆششێکتان تەنیا بۆ یەکڕیزی ناو ماڵی کوردستان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی دەبێت بۆ خەڵکی کوردستان و بە هیوای کوردستانێکی ئارام و کۆمەڵگەیەکی داپەروەر و هۆشیار و ژینگە پارێز، کە تێیدا ڕێز لە شکۆ و زمان و مافی نەوەکانی داهاتوو بگیرێت هەموومان پشتیوانیتان لی دەکەین. تکایە بەمبۆنە پیرۆزەوە سلاوی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی قەبوڵ بفەرموون.

ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی/ 29ی ئایاری 2019



جۆن بۆڵتن پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ نێچیرڤان بارزانی نارد و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هاوپەیمانێکی هەمیشەیی ئەمەریکا ناو دەبات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

محەمەد حاجی مەحمود پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرک و کاری نوێیدا.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزباییەکەی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود کرد و جەختی لە یەکڕیزی و تەبایی و کاری پێکەوەییی لایەنە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە.

ئەندرۆ پیک پیرۆزبایی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بەڕێز ئەندرۆ پیک جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکە نوێکەیدا .


لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزبایی بەڕێز پیک کرد.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا هەردوولا جەختیان لە بەردەوامی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان کردەوە.

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیامێکی پیرۆزباییدا کە لەسەر هەژمارەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بڵاوی کردۆتەوە، خاتوو تێریزا مەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

هەر لە تویتەکەیدا خاتوو مەی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان بە پەرۆشییەوە چاویان لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستانە



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

ناکرێ چیدی پرۆسەی دامەزراندنی دەزگا شەرعییەکانی کوردستان پەک بخرێ

سێشەممە ڕابردوو 28ی گوڵان 2019، سەرجەم خەڵکی کوردستان شاد و دڵخۆش بوون بە شکستی بەستەڵەکی جەقبەستووی پرۆسەی سیاسی و کارابوونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو و دەزگاشەرعییەکانی کوردستان لێ چاوەڕێ دەکرێ. لەم ڕووەوە وڵاتان لە سەرانسەری جیهاندا و هەروەها وڵاتانی دراوسی و کەسایەتی ناودار و کارای سیاسیەتی نێودەوڵەتی و تەواوی پسپۆرانی دیپلۆماسی و سیاسی و ..هتد، هەموویان شاد و دڵخۆش بوون بە هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە هەموولایەکەوە پیرۆزبایی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەسەر نێچیرڤان بارزانیدا باری. ئەمەش لە لێهاتووی نێچیرڤان بارزانی لە بواری دەوڵەتمەداری و شارەزایی لە بواری دیپلۆماسی و سەرکەوتنی بارزانی لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان سەرچاوەی گرتووە. بێگومان ئەزموونی چەندساڵەی ڕابردووی نێچیرڤان بارزان لە خەبات و سیاسیەت وحکومرانیدا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

لە سۆنگەی هەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرپرسیارەتی بەرامبەر خەڵکی کوردستان و یەکریزی ناوماڵ کورد و تەبایی لایەنە سیاسییەکانی، هەر لەسەرتاوە پارتی دەستی کرد بە سیاسەتی پەیوەندی کردن و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو، لەم ڕووەوە پارتی زۆر ئارام و پشوودرێژبوو بەتایبەت لە گەڵ برایانی یەکێتی، بەهیوای ئەوەی لایەنە سیاسییەکان ئەم پشوودرێژییەی پارتی بە ئەرێنی وەرگرن دوور لە هەر لێکدانەوەیەکی دیکە؟!. لەم بارەیەوە پارتی دوو ڕێکەوتنی لە گەڵ برایانی یەکێتی ئیمزاکرد (ڕێکەوتنی یەکەم لە 4ی3ی2019، ڕێکەوتنی دووەم لە 5ی5ی2019)، کەچی بەداخەوە ڕۆژی هەڵبژاردن (سێشەممە 28ی گوڵان) برایانی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستاندا پشتیان لە ڕێکەوتنەکان کرد و دەنگیان نەدا بە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی. دواتر لێرەو لەوێ لە میدیاکاندا چەند بەرپرسێکی نابەرپرس دوور لەهەستکردن بە گیانی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری لە میدیای سێبەر و سۆشیال میدیاکاندا دەستیان کردووە بە موهاتەرات و موزایەدەی بێ بنەما، لەکاتێکدا ئەم هەڵوێستە بێجگە لە دوژمن و ناحەزانی کوردستان، سود بەکەس ناگەیێنێت. واچاکە برایانی یەکێتی بێنەوە هۆش خۆیان و لە سۆنگەی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان دۆخی ئەمڕۆی کوردستان هەڵسەنگێنن، بەتایبەت ئەمڕۆ هەژموونی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و ئێران کاریگەری بەسەر کوردستان و تەواوی عێراق دەبێت و ئەگەر و پێشبینی گۆڕانکاری و ئاڵۆزی خێرا لێدەکرێ. بۆیە ناکرێ چیدی پرۆسەی دامەزراندنی دەزگا شەرعییەکانی کوردستان پەک بخرێ، یاخود ئاستەنگی بۆ دروست بکرێ. هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان قەیرانی ناوخۆی بالەکانی یەکێتی لەبەرچاو گرتووە و ئارام و پشوودرێژ بووە بەرامبەر ئاراستە و بڕیارەکانی ناوخۆی یەکێتی، ئەم هەڵوێستەی پارتی لە نێو هەردوو ڕێکەوتنەکەی لە گەڵ یەکێتیدا ڕەنگیان داوەتەوە وخویا و ئاشکرایە. ناکرێ برایانی یەکێتی کێشەی ناوخۆییەکانی خۆیان بکەنە هەنجەت و لەمپەر لەبەردەم پێکهێنانی دەزگا شەرعییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە دەمێکە خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن. پێمواید ئەگەر برایانی یەکێتی ئێستاکە ئامادەنین بچنە ناو پێکهاتەی حکوومەت پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆی خۆیانەوە هەیە، ئەگەر هەلومەرجی ئێستا بۆیان گونجاو نییە بچنە ناو حکوومەتەوە با ئاستەنگ نەخەنە بەر پێکهێنانی حکوومەت و دەزگا شەرعییەکانی!!. واچاکە پارتی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەشێوەیەکی دیموکراسی لەناو پەرلەماندا ڕێکاری یاسایی بگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لەم پرۆسەیەدا بەپێی یاسا پارتی لەبەرامبەر کاتێکی دیارکراودایە بۆ پێکهێنانی حکوومەت . زۆر ئاساییشە کە برایانی یەکێتی لە دەرەوەی حکوومەتدا، بەگیانێکی نیشتیمان پەروەرانە بەردەوام بن لەکاری سیاسی.

بێشکچی: لەم کات و ساتەدا هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی زۆر گرنگە

نێچیرڤان کەسایەتییەکە ژیانی خۆی بۆ کورد و کوردستان تەرخان کردووە



گەورە نووسەر و کۆمەڵناسی دیاری تورک و دۆستی دێرینی گەلی کوردستان ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ، زۆر بە ئەرێنی سەیری هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی دەکەم بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم، چونکە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی هەرێمی کوردستان تەرخان کردووە. ئیسماعیل بێشکچی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە"هەڵبژاردنی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی زۆر لە جێگای خۆیدا بوو" گوتیشی: ناوبراو کەسایەتییەکە ژیانی خۆی بۆ کورد و کوردستان تەرخان کردووە.

بێشکچی دەشڵێ: نێچیرڤان بارزانی لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسەتەوە زۆر پێشکەوتوو و سەرکەوتووە، بۆیەش لەم کات و ساتەدا هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێم زۆر گرنگە، ئەو لە دیدارە دووقۆڵی و سێقۆڵییەکانیدا زۆر باسی ئەو ستەمە دەکات لە گەلی کورد کراوە، ئەمەش زۆر زۆر بایەخدارە. ناوبراو ئاماژەیشی دا، نێچیرڤان بارزانی زۆر شیاوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و پێویستە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێم و وڵاتانی دەوروبەر، دیپلۆماسیانە مامەڵە بکات.

بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێم یەکێتی زانایان پیرۆزبایی ئاراستەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکات

بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقی پیرۆزبایی نامەکەیە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ڕێزدار جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان لە پەرلەمانی کوردستان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی جەنابتان دەکەینو هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

ئێمە لە یەکێتی زانایانەوە خوازیاری ئەوەین، ئەو هەنگاوە بەبێتە زەمینەیەکی تازەتر بۆ کوردستانو یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردو بەرەوپێش بردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، بەم هەنگاوە وێڕای ئەوەی ئەرکێکی گەورەتان کەوتۆتە سەر شان، لەهەمان کات لەبەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورەو مێژوویی هەستیارو گرنگ دان.

ئومێدو چاوەڕوانی ئەوەمان هەیە جەنابتان بتوانن ببنە فاکتەری خێرو سازانی نیشتمانیو گەیاندنی دۆخی هەرێم بە کەناری ئارامی و دەستەبەری مافە دەستوورییو نیشتمانیەکانو پاراستنی کەرامەتو تایبەتمەندیە ئایینیو نەتەوەییەکانو گەیشتن بە ئاواتی سەربەخۆیی.

جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی جەنابتان دەکەینو لەخوای گەورە داواکارین هاوکارو پشتیوانی هەموو لایەک بێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
30ی5ی2019

ڕابیتەی کلدانی بۆ نێچیرڤان بارزانی:

متمانەمان بە شارەزاییت هەیە

سەرۆکی ڕابیتەی کلدانی لە عێراق و جیهان پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات و، ڕایدەگەیەنێت متمانەیەکی زۆریان بە توانا و شارەزایی فراوانی نێچیرڤان بارزانی هەیە سەبارەت بە کەیسە سیاسیی و نێودەوڵەتییەکان. سەفا سەباح هیندی، سەرۆکی ڕابیتەی کلدانی لە عێراق و جیهان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات و، ڕایدەگەیەنێت: بەدەستهێنانی متمانەی پەرلەمان بنەماکانی دیموکراسی و دادپەروەری و یەکسانیی هاوشێوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان قوڵدەکاتەوە. جەختدەکەینەوە لە متمانەمان بە توانا و شارەزایی فراوان و دونیابینییە ڕاستەکەتان سەبارەت بە کەیسە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان کە ڕەنگدانەوەی پێزەتیڤیان لەسەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی دەبێت. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا سەرۆکی ڕابیتەی کلدانی لە عێراق و جیهان دەڵێ: هیوای ئارامی و گەشەسەندن بۆ هەرێمی کوردستان و گەلەکەی دەخوازین، هەروەها هیوادەخوازین چاوەڕوانییەکانی گەلی مەسیحی بەگشتی و کلدانی بەتایبەتی بێنەدی، لەگەڵ (چاوەڕوانییەکانی) برایانمان لە پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

کەنیسەی سریانی ئۆرسۆدۆکس بۆ نێچیرڤان بارزانی:

هەمیشە کەسێکی دانا بووێت

پاتریاکی ئەنتاکیی هەموو ڕۆژهەڵات و سەرۆکی باڵای کەنیسەی سریانی ئۆرسۆدۆکس لە جیهان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات و ڕایدەگەیەنێت لەو ڕۆژەوەی سەرۆکوەزیران بووی، وەکو کەسێکی دانا و کراوە و خۆشەویست ناسیومانی کە حەزتکردووە یارمەتیی هەمووان بدەیت.

ئێگناتیۆس ئەفرامی دووەم، پاتریاکی ئەنتاکیی هەموو ڕۆژهەڵات و سەرۆکی باڵای کەنیسەی سریانی ئۆرسۆدۆکس لە جیهان لە پەیامی پیرۆزباییەکەی بۆ سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەڵێ: لەو ڕۆژەوەی سەرۆکوەزیران بووی، وەکو کەسێکی دانا و کراوە ناسیومانی کە حەزت کردووە یارمەتیی هەمووان بدەی، بەتایبەتی مەسیحییەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی بە ئاوارەیی ڕوویان تێکردووە، لەنێویشیان ڕۆلەکانی کەنیسەی سریانی ئۆرسۆدۆکسی. هەروەها باس لەوەش دەکات: هیوادارین سەردەمی ئێوە ڕازاوەبێت بە سەرکەوتن، بەتایبەتی لەکاتێکدا ناوچەکە ڕووبەڕووی تەحەدی و ئاستەنگ بووەتەوە. هەروەها هیوادارین جەنابت تەندروست و سەرکەوتوو بیت و هەرێمی کوردستان عێراق هەمیشە گەشەسەندوو و گەشاوە بێت.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر: کێشەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەولێر چارە دەکرێن



بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کێشەی ژمارەیەک پڕۆژەی وەبەرهێنان چارەسەر کراوە و دەست بە تەواوکردنیان کراوە. دەشڵێ، ئەمساڵ مۆڵەت بە ژمارەیەک پڕۆژەی نوێی وەبەرهێنان دراوە.

سامان عەرەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: خواست لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنان زۆر زیادی کردووە و چەندین کۆمپانیا و وەبەرهێنەر بۆ پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکان سەردانی ئێمەیان کردووە.

ئەمساڵ 2019مۆڵەتمان بە پازدە پڕۆژەی وەرهێنان داوە، داواکارییش لەسەر پڕۆژەکانی کەرتی پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانیی گشتی زۆر بووە.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر ڕوونی کردەوە: ژمارەیەک وەبەرهێنەری بیانی دەیانەوێ لە کەرتی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بەشدار بن، لەوانەش ژمارەیەک کۆمپانیا و وەبەرهێنەری وڵاتانی کەندا و داواکاریان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش کردووە.

سامان عەرەب دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتی وەبەرهێنان دەڵێت: کێشەی ژمارەیەک پڕۆژە چارەسەر کراوە و هەندێ پڕۆژەش لە هەولێداین بۆ چارەسەرکردنیان، لەوانەش، لە پڕۆژەی فلۆریا ستی دەستبەکار دەکرێتەوە و کێشەکەی چارەسەر کراوە، کە یەکێکە لە گەورەپڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی هەولێر.

سامان عەرەب ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بڕیارە سندووقی نیشتەجێبوون دابمەزرێت و پێداچوونەوە بە مەرجەکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبووندا بکرێت، بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندیی چینی کەمدەرامەتدا بێت و یەکەی نیشتەجێبوون بە شێوەی ستوونی دروست بکرێت و بە نرخی گونجاو بە هاوواڵتیان بفرۆشرێت.



نوێنەری سەرۆک بارزانی بەشداریی پرسەی دکتۆر سامی یوسف کەسایەتیی مەسیحی لە شەقڵاوە دەکات

ڕۆژی چوارشەممە29ی ئایاری 2019 نوێنەری سەرۆک بارزانی ڕێزدار بارزان بارزانی بە یاوەریی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی لە شەقڵاوە بەشداریی کرد لە پرسەی کەسایەتی مەسیحی دکتۆر سامی یوسف پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و دکتۆری شۆڕش و هەروەها کوڕی شەهید دکتۆر یوسف یەکێک لە 23شەهیدانی شەقڵاوە، پرسەو سەرەخۆشی سەرۆک بارزانی یان گەیاندە بنەماڵەی کۆچکردوو و هیوایان خواست دواناخۆشی بنەماڵەکەیان بێت. لای خۆشیانەوە بنەماڵەی کۆچکردوو سوپاسی جەنابی سەرۆکیان کرد کە نوێنەری جەنابیان بەشداربووە لە پرسەکەیان و هاوخەمیان بووە.

سیدەکان.. بەهۆی تۆپبارانی تورکیا 20 سەر ئاژەڵی هاووڵاتییەک بوونە قوربانی



بەهۆی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا پەکەکە لە سنوورەکە و تۆپبارانی سوپای تورکیا، دەیان سەر مەڕ و بزنی هاووڵاتییەکی شارەدێی سیدەکان لەناو چوون.

کرمانج عیزەت قایمقامی سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ڕۆژی شەممە 1/6/2019 تۆپخانەکانی سوپای تورکیا، بەهۆی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە شوێنەکەدا ناوچە سنووریەکانی گوند و ئاوایەکانی شارۆچکەی سیدەکانیان لە دەڤەری سۆران بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا زیاتر لە 20سەر مەڕ و بزنی هاووڵاتییەک بەناوی شێخە حەمەدەمین دانیشتووی گوندی خەلیفان، سەر بە شارۆچکەی سیدەکان بوونە قوربانی.

قائیمقامی سۆران، گوتیشی، پێویستە پەکەکە لە گوندو ئاوایەکان دوور بکەوێتەوە و چیتر خەڵکی سڤیلی ئەم ناوچانە نەبنە قوربانی ڕەوشی سەربازی، پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا و بۆردومانەکانی سوپایی تورکیا.

لەنێوان عەلوە و دوکاندارانداهاووڵاتیان زەرەرمەند دەبن

سەرۆکی ئەنجوومەنی عەلوەی هەولێر:
وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکاری جوتیارانی نەکردووە تا بەرهەمی خۆماڵی شان لەشانی بەرهەمی هاوردە بدات



عەلوەی هەولێر دەکەوێتە سەرڕێگەی هەولێر- گۆیژە لە ڕێگەی ئەو عەلوەیەوە ڕۆژانە سەوزەو میوە دەگاتە بازاڕەکان و دوکانداران بە گووتەی ڕەجەب عەزیز سەرۆکی ئەنجومەنی عەلوەی هەولێر: لەو عەلوەیە ژمارەی نوسینگەکان زیاتر لە 200نوسینگەی سەوزەو میوە هەیە بۆ ساغ کردنەوەی سەوزەو میوە ڕۆژانە جۆرەها سەوزەو میوەی هاوردەو خۆماڵی لەو عەلوەیە دەچێتە بازاڕەکان ودوکاندارانیش بۆ بڕێوی ژیانیان سەوزەو میوە بە هاووڵاتیان دەفرۆشنەوە ئەوەی کە زۆر گرنگە لەو عەلوەیە نرخی ئەو پێداویستیە جێگیرەو هەفتانە لەلایەن لیژنەی دانانی نرخەوە نرخەکان دادەنرێت و لەسەر خاوەنی نوسینگەکانیش پێویستە نرخەکان هەڵبواسن لەبەردەمی نوسینگەکانیان ئەوەی کە تابلۆی نرخەکان هەڵنەواسێت لەلایەن لیژنەی چاودێری بازاڕەوە سزادەدرێت.

ڕاپۆرت- خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی

جگە لەوەش هەر نووسینگەیەکیش نرخەکان بەرز بکاتەوە ئەوا ئەویش سزا دەدرێت لەبەر مانگی ڕەمەزانی پیرۆز کاتژمێر دوو دەرگای عەلوە دەکرێتەوە تا کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ چونکە کاسبکاران بە ڕۆژوون زووتر دەگەڕێنەوە ماڵ ئەگەرچی پێش مانگی ڕەمەزان نووسینگەکانی عەلوە تا ئێوارە نووسینگەکانیان بە ڕووی هاووڵاتیاندا کراوەیە و لەو مانگە پیرۆزە نرخەکان بەرزی و نزمی تێ نەکەوتووە و کەس بۆی نییە لەناو عەلوە یاری بەنرخەکان بکات ئەوەی دەستکاری نرخەکان بکات غەرامە دەکرێت سەبارەت بە چۆنیەتی ئاوڕدانەوە بەبەرهەمی ناوخۆ سەرۆکی ئەنجومەنی عەلوەی هەولێر گووتی:

وەزارەتی کشتوکاڵ هەرگیز گرنگی بەبەرهەمی ناوخۆ نەداوە

بەداخەوە وەزارەتی کشتوکاڵ بەهیچ شێوەیەک هاوکاری تەواوی جووتیارانی نەکردووەوگرنگی بە جووتیار نەداوە تائاستی بەرهەمی ناوخۆ بەرز بێتەوەهەموو ساڵێک لەگەڵ پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی براجووتیارەکان خۆشحاڵ نەبووینە بەبەرهەمەکانیان ولەهەر جووتیارێک بپرسی بەدیار دەکەوێت کە هەرگیز گرنگی بە جووتیاران نەدراوە دواتر سەبارەت بە خاوێن کردنەوە زبڵ و خاشاکی ناو عەلوە ڕەجەب عەزیز سەرۆکی ئەنجومەنی عەلوەی هەولێر گووتی: پێشتر لەلایەن حکومەتەوەناو عەلوە خاوێن دەکرایەوە وەکو پێویست نەبوو لە ئێستادا ئەرکی خاوێنکردنەوەی ناو عەلوەی هەولێر لەئەستۆی خۆمانەو بە جوانترین شێواز ناو عەلوە خاوێن دەکرێتەوە مانگی چوار جاریش ناو عەلوە دەشۆردرێت و خاوێن دەکرێتەوە ئەمنیەتی عەلوە زۆر باشەو کێشەی نییە لەهەمووی گرنگتر دانانی ژمارەیەکی دیکەی پۆلیسی هاتووچۆ زۆر گرنگە لەناو عەلوە تا بتوانرێت ناو عەلوە ڕێک بخرێت و جەنجاڵی ئوتومبێلی بارهەڵگری سەوزەو میوە ش نەمێنێ ولیژنەی چاودێری بازاڕی سەربە قایمقامی هەولێردێنە لامان بۆ بەدواداچوون لە نرخەکان و چەندین نووسینگەیان سزا داوەوهەموکاتێک ڕێنمایی نووسینگەکان دەکەین کە هەولێر گران کردنی نرخەکان نەدەن و پابەندی ڕێنماییەکان بن لەناو عەلوە کەس ناتوانێ یاری بە نرخەکان بکات و ئەو نرخانەی کە هەفتانە بۆمان دێت لەلایەن نوسینگەکانەوە نرخەکان هەڵ دەواسرێت و هەرهەموویان پابەندی ئەو نرخلانە دەبنەگەر هاتوو بەرهەمی هاورە کەم بکرێتەوەو گرنگی بە جووتیاران بدرێت

نرخەکانن هەرنووسینگەیەکیش پابەند نەبووبێت غەرامە کراوە ئێمە وەکو ئەنجومەنی عەلوە چەندین جار داوامان لە شارەوانی کردووە تا شەقامەکانی دەوروبەری عەلوەمان بۆ چاک بکەنەوە چونکە زۆر تێکچووەو کار بۆ چاککردنەوەی ناکەن هەرهەموو شەقامەکانی دەوروبەری عەلوە قازانجەکانیان لەچاو ماندووبوونەکانیان نەبووەو ئەوان دەڵێن لەبەرهاتنی بەرووبوومی هاوردەی وڵاتان وەزارەتی کشتوکال نەیتوانیوە هیچ بۆ جووتیاران بکات دەبووایە وەزارەتی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی بەردەوام هانی برا جووتیارانی بدابووایە تابەرهەمو بەرووبومی خۆماڵی زیاتر گەشە بکات و شان لەشانی بەرهەمی هاوردە بدات ئەوەی کە تێبینی کراوە سااڵنە وەزارەتی کشتوکاڵ باجی زیاتر دەخاتە سەر ژمارەیەک لە بەرووبومی سەوزەو میوەی هاوردە ئەو هاوکاریەش بۆ جووتیاران هیچ ناکات دەبووایە وەزارەتی کشتوکاڵ سااڵنە بەپێی پلانی تۆکمەو داڕێژراو هاوکاری تەواوی برا جووتیارانی بکردابووایە لەجیاتی ئەوەی هاوکاری جووتیاران بکات هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی عەلوەی هەولێر باسی جیاوازی بەرهەمی خۆماڵی و هاوردەی کردو گووتی: لەبەر ئەوەی زیاد لە پێویست گرنگی بەبەربووبومی هاوردە دەدرێت بەرهەمی خۆماڵی بەتەواوی فەرامۆش کراوە تاکەی بەرهەمی خۆماڵی فەرامۆش دەکرێت ئێمە بەرهەمی خۆماڵی وەکو سێووخۆخ و هەرمی و مەال داوا لەلایەن پەیوەندیدارەکان دەکەین کە جیاکاری نەکەن لە نیوان کەس و هەرخاوەن نووسینگەیەک کە سەرپێچی کردپێویستە سزابدرێت ماوە ماوە لیژنەی قایمقامیەت سەردانی ناو عەلوە دەکات و چەندین جاریش نووسینگەیان سزا داوە لەسەر پابەند نەبوون بەنرخەکان

هاووڵاتیان گلەییان لە عەلوە نییە بەڵکو گلەییان لە دوکانداران هەیە

بارزان کەریم هاتبووە عەلوە بۆ کڕینی سەوزەو میوە گوتی: بەداخەوە دوکانداران بەبیانووی گرانبوونی نرخەکان لە عەلوە نرخەکان بەرز دەکەنەوە پێویستە لیژنەی چاودێری بازاڕ سزای دوکانران بدات ئەوانەی کە نرخەکان بەرز دەکەنەوە

شێرزاد کەمال گوتی: هەفتەی جارێک دێمە عەلوەی هەولێر بە ئوتومبێلی خۆم و دەزانم نرخی سەوزەو میوە لە عەلوە گران نییە تەنها لەلای دوکانداران گرانە بۆیە بەناچاری دێمە ئەو ڕێگا دوورەگەر دوکانداران نرخەکان گران نەکەن ئەوا ئێمەش ئەو ڕێگە دوورە نابڕین

دیار حەسەن گوتی: ئەگەر سەردانی دوکانداران ناو بازاڕیکەیت بۆت دەردەکەوێت کە لەلای دوکانداران نرخەکان گرانەو هەردوکانراوەبە ئارەزووی خۆی نرخەکان گران دەکات ئەوەتا مانگی ڕەمەزانی پیرۆز هات بۆ گرانکردنی نرخی سەوزەو میوە.

خاوەنی نووسینگەیەک: نووسینگەکان ناتوانن نرخەکان بەرزبکەنەوە

هاووڵاتیان: دوکانداران نرخی سەوزەو میوە بە ئارەزووی خۆیان بەرزدەکەنەوە



کارزان محەمەد خاوەنی نووسینگە گوتی: ئێمەی خاوەنی نووسینگە هەرگیز هەوڵی گرانکردنی نرخەکان نادەین بەڵکو دوکاندارانن ئەو کارە دەکەن و چەندین جاریش لیژنەی چاودێری بازاڕ سەردانی عەلوە دەکات بۆ چاودێری نرخ و پشکنینی سەوزەو میوە دەکرێت منیش لەو ڕۆژانە بەپری 400هەزار دینارو پارەکەمدا بەاڵم پێویستە لیژنەی چاودێری بازاڕ ئەو بەقاڵانە سزا بدات کەنرخەکان گران دەکەن لەسەر هاووڵاتیان هەرچەندە لیژنەی چاودێری بازاڕ بەدواداچوون بۆ نرخەکان دەکەن بەاڵم پێویستە کارەکانیان چڕتر بکەنەوە تا هیچ کەس نەتوانێ دەستکاری نرخەکان بکات

بابەتەکانی دیکەو ئێستا بەرهەمی خۆماڵی ماویەتی و بەرهەمی خۆماڵی دوا کەوت لەبەرئەو ساردی و سەرمایەی ئەمساڵ کە ڕووی لە کوردستان کرد کاریگەری کردە سەر بەرهەمی خۆماڵی و ئەو میوەیەی کە لە بازاڕەکاندا بەرچاو دەکەوێت هەرهەمووی هاوردەیەو هەرمیوەیەک کە لەبازاڕدا زۆربوو نرخەکەی گران نابێت هەتا بەرهەمی هاوردەی وڵاتان لە بازاڕەکاندا بوونی هەبێت گرنگی بە میوەی خۆماڵی و جووتیاران نادرێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە گرنگی تەواو بە برا جووتیارەکان بدات لە هەمووی گرنگتر بەشی هەرە زۆری نووسینگەکان پابەندی تێکچووە پێویستە چاک بکرێتەوە خۆمان شەقامەکانی ناو عەلوە چاک دەکەینەوە بەاڵم ناتوانین شەقامەکانی دەرەوە چاک بکەینەوە جگەلەوەش لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبووایە بنکەی پۆلیس و بنکەی تەندروستیمان بۆ بکەنەوە هیچمان بۆ نەکرا

ساردکەرەوەکان بەردەوام کار بکەن

لە پێناو زیاتر گرنگیدان بە برا جووتیارەکان و ئاوڕدانەوە لەوان وادیارە ئەو ساردکەرەوانەی کە لە عەلوەدا هەیە ژمارەیان وەک پێویست نییەو سارد کەوەی ئەهلی و حکومی هەیەو هەردووکیان بە پارەیە و هۆڵی بچوک مانگی 450هەزار وەردەگرێت و هۆڵی گەورەش هەیە مانگی بە 2ملیۆن دینار لێرەوە بۆمان هەڵدەسەنگێنن کە ئەوا بەرهەمی خۆماڵی زیاتر دەبێت و جووتیارانیش هەوڵی خۆیان زیاتر دەخەنە گەڕ بژێوەی بەرهەمی خۆماڵی گەشە بکات و بەرەو پێشەوە بڕوات لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز پارشتوان دەرگای عەلوە کراوەیە تا بەیانی ولەگەڵ ئەوەش نوسینگەکانی دیکەیش هەرکاوەیە بەڕووی هاوڵاتیان بەداخەوە عەلوەی هەولێر گرنگترین مەڵبەندی سەوزەو میوەی شاری هەولێرەو لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە فەرامۆش کراوە هەق وایە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕی لێ بدەنەوە هەموو شەقامەکانی ناو عەلوە تێکچووە چەندین جار داوامان کردووە تا کارمان بۆ بکەن

دواتر سەردانی مەیدانی ناو عەلوەمان کرد و لە نزیکەوە لەنرخەکان وورد بوینەوە هیچ نووسینگەیەک نەبوو کە پابەندی نرخەکان نەبێت هەرهەموو نووسینگەکان نرخەکانیان هەڵواسی بوو جەنجاڵی زۆر لەناو عەلوە بوونی هەبوو لەبەر هەرزانی نرخەکان ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر بۆ میوە کڕین دەچێتە عەلوە تا جوانترین میوە بۆخۆی بکڕێت

سەردار حەوێز خاوەنی نووسینگە گوتی: لەبەرئەوەی لەلایەن حکومەتەوە نرخەکان دیاری دەکرێت بۆ هیچ نووسینگەیەک نییە کە دەستکاری نرخەکان بکات و هەفتانە نرخەکانمان بۆ دێت گرانکردنی نرخ لەدەست ئێمە نییە و ئێمە ناتوانین نرخ گران بکەین زۆربەی میوەو ڕزق لە وڵاتانەوە دێتە ناو عەلوەو بەرهەمو رزقی خۆماڵی نەهاتووە هەرکاتێک بگات ئەوا حکومەت گرنگی بە میوەو بەرهەمی خۆماڵی دەدات و باج دەخاتە سەر میوەی هاوردەو لەمانگی ڕەمەزان کاسبکاران زۆر زۆر دێنە عەلوە و دوای نیوەڕۆش زووتر دەگەڕێنەوە

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/6/2 ژمارە (5762)

ئامانج ئەوەیە هاوواڵاتیانی کورد دەربکرێن و عەرەبی هاورده لە شوێنەکانیان نیشتەجێ بکرێن

بەدواداچوون - بریار کۆیی

ماوەی چەند هەفتەیەکە هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر هاوواڵاتیانی کوردی دانیشتووی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم زیادی کردووە و لە ماوەیەکی کەمدا بە سەدان دۆنم زەویی و دەغڵودانی جووتیارانی کورد لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە سووتێندراون و تاوەکو ئێستا ڕۆژانە ڕووبەری زیاتری زەویی دەغڵودان ئاگریان تێبەردەدرێت و مەترسییەکان بەشێوەیەک زیادیان کردووە چەند جووتیارێکی کوردیش بوونەتە قوربانی.



لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:

هێزە عێراقییەکان توانای پاراستنی سەقامگیری ئەو ناوچانە و ژیانی هاووڵاتیانیان نییە

ڕێژەیەکی زۆری ئەو زەویانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاگر لە دەغڵودانەکانیان بەربووە دەکەونە سنووری پارێزگای کەرکووک و هەریەک لە شارۆچکەکانی داقووق و مەخموور، ئەو ڕووداوانە لە کاتێکدایە کە شەوی پێنجشەممەی ڕابردوو ژمارەیەک تەقینەوەی تیرۆریستی لە نێو شاری کەرکووک ڕوویاندا و شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

لەمبارەیەوە شاخەوان عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لێژنەی ئاسایکردنەوەی کەرکووک ڕایگەیاند: تەواوی ئەو ڕووداوانەی لەناوچەکە ڕووەدەن دەزگا ئەمنییەکان و حکوومەتی ئێتحادی لێی بەرپرسیارن، کشانەوەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و هاتنی هێزی بێگانە بۆ شارەکە گرنگترین هۆکاری تێکچوونی دۆخی ئاسایشی ناوچەکەیە، بۆیە دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە حکوومەتی عێراق ناتوانێت سەر و مااڵی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە گشتی و پارێزگای کەرکووک بە تایبەتی بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکە کە وێنەیەکی بۆ(خەبات) نێردراوە هاتووە: لە دوای ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشتی و لە پارێزگای کەرکووک بە تایبەت دەگوزەرێت، بۆشاییەکی ئەمنی گەورە دروست بووە، کە سەر و مااڵی هاووڵاتیان بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە و بەتایبەت هاووڵاتیانی کورد لە مەترسیدایە و هێزە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق و میلیشیاکان بە هیچ جۆرێک توانای پاراستنی سەقامگیری ئەو ناوچانە و ژیانی هاووڵاتیانیان نییە.

لێژنەکە دەشڵێت: لەگەڵ بەردەوامی هەڕەشەکان بۆ سەر جووتیارانی کورد و ئەو ستەمەی بەرانبەریان دەکرێت لە سووتاندن و ڕێگریکردن لە دووریەوەی بەروبوومە تیرۆریستییانەی کردووە و داواشی کردووە کە بە خێرایی کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و گەیاندنیان بە سزای یاسایی.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: ئێمە لە لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو ناوچانە دەگوزەرێن، بە پیادەکردنی شێوازێکی جیاواز لە تەعریبکردن دەبینین، کە سەرەڕای تێکدانی ڕەوشی سەقامگیری ئەو ناوچانە، ئاشتی کۆمەاڵیەتی لە نێوان پێکهاتەکان دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە داواکارین هەرچی زووترە کار بکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەم ناوچانە لە ڕێگای گرتنەبەری چەند هەنگاوێک، کە بریتیین لە: کۆتاییهێنان بە دۆخی عەسکەرتاریەت لەو ناوچانە، گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شوێنەکانی پێشتر و پاراستنی کەرکووک بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق، ڕادەستکردنی دۆسیەی ئەمنی شارەکان بە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، گۆڕینی پارێزگاری بە وەکالەت و سەرجەم ئەو بەرپرسانەی لە یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکووک، کە بە بێ هەڵبژاردن و ویستی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، داسەپێنراون ، کارکردنی جددی بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی (ماددەی 140) لە دەستووری عێراق، کە چارەسەری بنەڕەتی بۆ سەرجەم کێشەکانی ئەو ناوچانە دەبێت.

بەپێی زانیاریی سەرچاوە نافەرمییەکان تاکو ئێستا لە سنووری مەخموور و "دیبەگە و قەراج" و چەند ناوچەیەکی دیکە، نزیکەی 200 دۆنم زەویی جووتیاران





سەرو مااڵی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە مەترسیدایە



ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک:

پێویستە هەرچی زووە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەی پێشمەرگە و ئاسایش بچێتە واری جێبەجێکردنەوە

هاووڵاتیانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، پێویستە هەرچی زووە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەی پێشمەرگە و ئاسایش بچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

ناوبراو داواش دەکات کە سەرلەنوێ ئەو ناوچانە کێومااڵ بکرێن لە باند و تاقمە تیرۆریستییەکان و لە باڵەخانەی پارێزگاوە دەستپێبکرێت، کە لە ئێستادا دەیان گومانلێکراو خۆیان خزاندووەتە ناو فەرمانگەکانی پارێزگاوە بەهاوکاری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک جموجۆڵی تێکدەرانەیان هەیە.

لەلایەن خۆیەوە لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە کشتوکاڵییەکانیان، هەوڵدان بۆ چۆڵکردنی گوندە کوردنشینەکان و نیشتەجێکردنی عەرەبی اورده لە شوێنەکانیان، و ڕووخاندنی خانووی هاوڵاتیانی کورد لە ناوەندی شاری کەرکوک بە بیانووی جۆراوجۆر، بەداخەوە شەوی پێنج شەممە ٣٠/٥/٢٠١٩ زنجیرەیەک تەقینەوە هاووڵاتیانی لە شاری کەرکووک کردە ئامانج و دەیان هاوڵاتی بوونە قوربانی.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی شەهیدەکان کردووە و هیوای زوو چاکبوونەوەشی بۆ بریندارەکان خواستووە، هەروەها بە تونديی ئیدانەی ئەو کردەوە دەغڵودانەکە چەند سەد مەترێک لە نزیک بارەگای پۆلیسی فیدراڵییەوە بووە، بەاڵم خۆیان نەکردووەتە خاوەن و بە هانای خەڵکەکە نەچوون، کە جووتیارانی کوردن، هەروەها کاتێک جووتیارانی کورد دەچن ئاگرەکە بکوژێننەوە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەسڕێژی گوللەیان لێدەکرێت.

ناوبراو لەبارەی ئەوەی ئاخۆ کێ دەستی لەو ڕووداوانە هەیە؟ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە هەندێ شوێن بۆ هەندێ شوێنی تر جیاوازەو لە هەندێک شوێن تیرۆریستانی داعش و لە هەندێکی دیکە عەرەبی هاوردەکراوی ناوچەکە هەڵدەست بە ئاگربەردان لە زەویی و دەغڵودانی جووتیارانی کورد، جگە لە سووتانی زەوی زارەکانیان هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و مەترسییش لەسەر گیانی هاوواڵاتیانی کوردی ئەو ناوچانەوە هەیە و ئامانجەکەش ئەوەیە، کە هاوواڵاتیانی کورد لەو ناوچانە دەربکەن و هاوواڵاتی عەرەب لە شوێنەکانیان نیشتەجێ بکرێن.

سووتاوە، سەرەڕای سووتانی سەدان دۆنمی دیکە لە سنووری داقووق و پارێزگای کەرکووک، هەروەها چەند حاڵەتێکیش لە چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق ڕووبداوە و زیان بە جووتیارانی ئەو ناوچانە گەیشتووە.

لەلایەن خۆشیەوە عەمید ئیدریس ڕەفعەت بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک لە لێدوانێکیدا بۆ خەبات سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنە لە دەغڵودانی جووتیارانی کورد لە سنووری پارێزگای کەرکووک گوتی: لە چەند هەفتەی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا بەبەردەوامی ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی سنووری پارێزگای کەرکووک بەردەبێت و ڕووبەرێکی یەکجار زۆری زەویی جووتیارانی کورد سووتێندراوە کە بە سەدان دۆنم مەزەندە دەکرێت.

سەبارەت بە ئەرکی لایەنە ئەمنییەکانی پارێزگاکە ناوبراو گوتی: لە هەندێک شوێنی پارێزگای کەرکووک ئاگری

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 2. Jun. 2019 No: (5762)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



میوزیکژەن زانا نوری: شەهیدان و پێشمەرگە تاجی سەرمانن و دەبێت شانازییان پێوەبکەین

ئاواتی هەمیشەییم رزگاریوونی کوردستانە و بەرقەراربوونی ئاشتی و خۆشگوزەرانی هاونیشتیمانیەکانی ئەم هەرێمەیە



دیدار/ بەرهەم شێخ عزەدین

من زانا نوری حەمەحسێن لە دایکبووی ١٩٨١ ، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری بەشی میوزیکم،دانیشتوی دەربەندیخانم،خێزاندارم وخاوە نی ٣ منداڵم بەناوەکانی (پیانۆ وهانۆو لانۆ) ، مامۆستای میوزیکم لە قوتابخانەی سەعید کاکی بنەڕ تی، بەردەوامم لەکارکردنی هونەری،ئەومیوزیکزانە بەم جۆرە دەستی بەوەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەبات کرد:

بۆ میوزیکت هەڵبژارد؟

ـ هەڵبژاردنی میوزیک بۆمن بەڕێکەوت بوو ، ساڵی ١٩٩٧ لە قوتابخانەیەکی نزیک ماڵمان خولێکی هاوینەی فێربوونی میوزیک کرایەوە ، ئەوە بوو بەدەسپێکی کاری میوزیکی من وەک ژە نیار،ئیتر لەوکاتەوە من خولیای میوزیک چووە دڵ و دەروونمەوە، تا ئێستا بەبێ دابڕان کاری میوزیک وئاوازدانان دە کەم ولە ساڵی ٢٠٠٤ گرووپی میوزیکی دەربەندیخانمان دامەزراند لەگەڵ چەند هاوڕێیەک ولە ساڵی ٢٠٠٥ لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان وەرگیرام لەو چەند ساڵەدا بەشداری چەندین ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و گرتنی کۆڕی شیعریم بۆ هونەرمەندان کردووە وکاری ئاواز دانانم بۆ منداڵان کردووە، بە ئێستاشەوە بەردەوامم لەکردنەوەی خولی فێربوونی میوزیک بۆ منداڵان

ـ عودلای تۆچی دە گەیەنێت؟ جگەلەئامێری عود چ ئامێریکی دیکە دەژنیت؟

ـ ئامێری عود بۆ من زۆر تایبەت بوو ،چونکە ئەوئامێرە دەبێت لەئامێزی بگریت وسۆزت بۆی هەبێت وئینجا عودیش بە دەنگە ئەفسوناویەکەی عاشقی خۆیت ئەکات وئیتر تا ئەبەد هۆگری دە نگە ناوازەکەی دەبێت،جگە لەئامێری عود ئامێرە کانی کەمانچە و پیانۆو ئۆکوردیۆن و تارەدە یەک ئامێرە رِیتمیەکانیش دەژنم

ـ مەرجە ژەنیار لەهەموئالەتەکان شارەزابێت؟

ـ بەڵای منەوە مەرجە ژەنیار شارەزای تەواوی لەئامێری پیانۆداهەبێت

ـ هۆکاری نەمانەوەی بەرهەمی هونەرمەندان لەناوخەڵکدا لەسەرزاری خەڵک بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

ـ هۆکاری نەمانەوەی ئاوازی هونەرمەندان لەناوخەڵکدازۆرهۆکارهەن، بەڵام بەبۆچوونی من هۆکاری سەرەکی لادانە لەئاواز ومۆسیقای ڕەسەنی کوردی وهاوردە کردنی ئاوازی بیانی بۆناو ئاواز ومۆسیقای کوردی بەشێوازێکی زۆر بەرچاو

ـ وەکو لاوێک خەون بەچیەوە دەبینیت؟

ـ وەک لاوێک ئاواتم زۆرە ، بەڵام ئاواتی هەمیشەییم رزگاربوونی کوردستانەکەمەوبەرقەرابوونی ئاشتی وخۆشگوزەرانی هاونیشتیمانیەکانی ئەم هەرێمەئازیزەیە

ـ خۆت بەقەرزاری کێ دەزانیت؟

ـ خۆم بەقەرزاری دایک وباوکی ئازیزم وهاوسەری خۆشەویستم وهاوڕێ بەڕێزە کانم ئەزانم کە هەمیشەپاڵپشتم بوون بۆ بەردە وام بوونم لە کاری میوزیک

ـ شەهیدان و پێشمەرگە لەکوێی خەونی داهاتوی تۆدان؟

ـ حەز دەکەم کارێکی زۆر تایبەت بۆکچە نازدارە کەم (پیانۆ) خان بکەم ، هەرچەند پێشتر کارم بۆکردووە، بەڵام حەز دەکەم کاری باشتروجوانتری بۆ بکەم

ـ حەزدەکەی کاری هونەری بۆ کێ بکەیت؟

ـ شەهیدان وپێشمەرگەقارەمانەکان تاجی سەرسەرمانن ودەبێت هەموومان شانازییان پێوە بکەین ،چونکە بەڕاستی پارێزەری ئاشتی وبەرقەراربوونی ئارامی ئێمەن لەم هەرێمە خۆشەویستەدا ، من لەگەڵ منداڵەچاوگەشەکاندا کاری زۆرم بۆپێشمەرگە کردووە ، بە تایبەتی لەدوای شەڕی دە ستەویەخەی داعشی تیرۆریست ، کە بە سروودە نیشتمانیەکان پاڵپشتی پێشمەرگە قارەمانە کان بووم،، چە ندین بۆنەم تایبەت کردووە بۆ قارەمانی و ئازایەتی پێشمەرگەی کوردستان



وەرزی خواردنیەتی لەدەستی مەدەن ،کاڵەک سوودی یەکجار زۆری هەیە

توانا زرار

ئێستا وەرزی کاڵەکە، کاڵەک یەکێک لەو خواردنانەیە ناهێلێ گەدە توشی ترشان بێت و ڕێژەی قەبزی کەم دەکاتەوە بە هۆی زۆری ڕێژەی ئاو تیایدا . هەروەها پارێزگاری دەکات لە تووشبوون بە شێرپەنجەی قۆڵۆن و پارێزگاریش دەکات لە تووشبوون بە بەردی گورچیلە و لەش لە ماددە ژەهراوییەکان دەپارێزێت .هەروەها کاڵەک، ووزەیەکی باش بە لەش دەدات چونکە پڕە لەڤیتامین D .پێستیش نەرم و تەڕ و جوان دەکات و لە ووشک بوون بەدووری دەگرێت و ماسولکە لە کرژبوونەوە دەپارێزێت بە هۆی بوونی پۆتاسیۆم .کەڵەک ،چاو دەپارێزێ لە نەخۆشییەکان بەهۆی بوونی بێتاکارۆتین و ڤایتامین Aکە یەکێکە لە ڤایتامینە پێیستەکان بۆ چاو بەسوودە.سیبەکانیش پاک دەکاتەوە سوودی زۆرە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی جگەرەکێشن و پێویستیان پێیەتی ، هەروەها کاریگەری خەمۆکی و دڵتەنگی کەم دەکاتەوە و پارێزگاری دەکات لە نەخۆشییەکانی دڵ و سەکتەی دڵ بە هۆی بوونی ماددەی ئەدینۆسینین .سەرباری هەموو ئەمانەش ڕەونەق دەدات بە پرچ و پێست و لێوەکان. هاوسەنگی پەستانی خوێنیش دەکات و بەرگری لەش زیاد دەکات .



چەند ڕاستییەک دەربارەی (شەکر)کە پێویستە بیانزانیت!

دکتۆرێک: شەکر خۆراکی شانە شێرپەنجەییەکانە

ئا:وریشە عومەر

دکتۆرعەبدول واحید پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی و پسپۆڕی هەناوی لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەربارەی شەکر نووسیویەتی و دەڵێت:شەکر یەکێکە لە خۆراکە خراپەکان و بە ژەهر ناسراوە لەڕووی تەندروستیەوە، چونکە زیانێکی زۆر بە جەستە دەگەیەنێت و سەرچاوەیە بۆ زۆر نەخۆشی.شەکر ماددەیەکە زو خوێی پێوە دەگریت و ئالوودەت دەکات، دەبێتە هۆی قەڵەوبون ،وات لێدەکات هەست بە شەکەتی بکەیت، ورگ پان و زل دەکات،برسیت دەکات ،خۆراک بەخشی شانە شێرپەنجەیەکانە ،نەخۆشت دەخات ،کاریگەری خراپ دەکاتە سەر توانای فێربونی منداڵ، دڵەکان کلۆر دەکات ،کالۆریی ناو لەش کەم دەکاتەوە ،میزاج ناهاوسەنگ دەکات، چرچی دەوری چاوەکانت زیاتر دەکات و پیرتر دەردەکەویت، بەڕێژەیەکی زۆر لەناو خوراندەوە گازیەکاندا هەیە، توشی چەندان نەخۆشی جیاوازت دەکات، کاریگەری خراپی بۆ سەر میشک دەبێت،لەناو چەندین خۆراکی جۆربەجۆردا هەیە،ڕۆژانە ٢٤ گرام شەکر بۆ مرۆڤ پێویستە نەک زیاتر.

پاشان دکتۆر دەپرسێیت ئەگەر ئەو شەکرەی ڕۆژانە دەیخۆیت لەگەڵ خواردن و خواردنەوەکاندا کەمی بکەیتەوە چی بەسەر لەشتدا دێت؟

-سیستەمی بەرگری لەشت بەهێز دەبێت دژی نەخۆشیەکان و چالاک دەبێت.

-کێشەکانی خەوتنت نامێنێت، چونکە ڕەنگە زۆر کات خەو بێت و خەوت لێ نەکەوێت، یان خەوت کەم بێتەوە و زوو زوو لە خەودا هەستیت، بەڵام کاتێک شەکر کەم دەکەیتەوە ئەو کێشەیەت ورده ورده نامێنێت.

-لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکەیت.

-ڕەنگی پێست جوان و بریقەدار دەبێت و ورده ورده گەنج دەبێتەوە، چونکە شەکر سەرچاوەیەکە بۆ چرچووبوونی پێست.

-توانا کانت باشتر دەبێت و چالاکتر دەبیت، ئارەزووی جوڵەی زیاتر دەکەیت بەبێ ئەوەی ماندوو بیت.

-ئەگەری تووشبوونت بە نەخۆشیە درێژخایەنەکان کەمدەکاتەوە. بۆیەگرنگەو پێویستە بەزووی لەشەکر دووربکەوینەوە.





باکوور.. کچێکی شۆخ و شەنگ بە دیار دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی گوڵی لالە هەڵگەڕاوە لە دێرسیم